# بەهـــائی کێیە – چییە؟

د.ج. أسمنت

و: کەریم زەند

له بلاّوكراوەكانی (دار النشر البهائية في البرازيل)
Editoria Baha’I – Brasil
Rua Engenheiro Gamma Lobo.
267 vo;a Osabe;
20.551 Rio de Janeiro R.J. Brazil

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## بەهائی چییە؟

هەر دەبێ بەرو بەرهەم بۆ مرۆڤـ دەربکەوێتو روونو ئاشکرابێ. مرۆڤی بێبەر و بێبەرهەم، درەختی زرو بێبەرە، هەروەکو هێژای رەوانی – مەسیح فەرموویەتی:

﴿ درەختی زرِ شایستەی سووتاندنە. ﴾

وەرگێڕانی پەیڤو وشە فیردەوسییەکانی هێژا بەهائولاّ.

هەربرت سبنسەر Herbert Spenser، جارێك سەرنجیداوە، کە راوبۆچوون لە ناخو سروشتیدا وەکو گوڵلەیە – قورسە هەرگیز پێکهاتەی رەوشو رەوشتو خوی زێڕینی لێناکەوێتەوە بە بەکارهێنانی کیمای زێڕینی.

کۆمەڵگەی زێڕینیش پێکهاتەکەی پێکنایەت لە کەسانێکی گوڵلە سروشت بە بەکارهێنانی هەر کیمایەکی سیاسیو رامیاریش بێت.

هێژا بەهائولاّ ئەمڕاستییەی ئاشکرا کردووە، هەروەکو پەیامبەرانی پێشین روونیانکردۆتەوە.



مرۆڤـ ئەوە دەزانێ کە لە پێناوی دامەزرادنی مەملەکەتی شانشینی خوداوەند لەسەر زەمین، گەرەکە بەر لەوە لە دڵی مرۆڤەکاندا دابمەزرێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رەوشو ئامۆژگارییەکانی بەهائی، گەرەکە فەرمانەکانی هێژا بەهائولاّ ناوبهێنین، کە پەیوەستە بە چۆنیەتی رەوشتو رەوشو خووی کەسێتییەوە.

تەقەلاو کۆشش بکەین بە ئاشکراو روونکردنەوەی بە شێوەیەکی دیار.

واتای بوونی کەسێتی بەهائی – لە ناوهێنانی چۆنیەتی ژیانی بەهائی.

لە وەڵامی پرسێکدا هێژا بەهائولاّ لە واتاو راڤەو شرۆڤەی بەهائیدا دەڵێ:

﴿ کە بەهائی بیت، گەرەکە هەر هەموو جیهانو مرۆڤایەتیت خۆشبوێ، راژەیبکەی، کاربکەی بۆ برایەتیو ئاشتی گشتی ﴾.

لە شوێنێکیتردا راڤەی بەهائی کردووە، دەفەرموێ:

﴿ ئەو کەسەیە کە تەواوێتی مرۆڤایەتی لە ژیانی کرداریو پراکتیکی تێدا بەرجەستەیە ﴾.

لە گفتوگۆیەکیدا لە لەندەن، دەڵێ:

﴿ ئەشێ مرۆڤـ بەهائی بێت، ئەگەرچی ناوی بەهائولاّشی نەبیستبێ ﴾.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەروەها دەڵێ:

﴿ئەوەی پەیڕەویو ئامۆژگاریو ڕەوشی بەهائولاّ بکات، ئەوە بەهائییە﴾.

بە پێچەوانەو ئاوەژووی ئەوەوە هەرکەسە ناوبرێ بە بەهائی، پەیڕەوی ئامۆژگاریو ڕەوشەکانی نەکا، ئەو کەسە بێگومان بەهائی نییە، ئەگەر ٥٠ساڵیش ئەو خوازناوەی پێوەبێت... ئەو پیاوە کریتو ناشیرینە، ڕەنگە خۆی بە جوانو ڕەند ناوبردبێ، بەڵام ناتوانێ خەوشکاری کەسانیتر بێت.

واتا خەوشیان بلێت..

هەروەها پیاوی ڕەشپێست، بە سپی خۆیناوبردبێ، کەسی پێفریو نادرێ، تەنانەت خودی خۆشی.

**لە نوسراوەی ئەبدولبەها لە لەندەن — ل ١٠٩**
Abdul Baha in London

نموونەی نەزان بە نێردراوانی خوداوەند وەکو درەختێکی گەورەبووی ژێر سایەو سێبەرو تیشکی خۆری نەدیوە، ئاشنا نییە پێی، بوونی گشتیشی بەوەوە ڕاوەستاوە.

گەورە پێغەمبەران خۆری ڕەوانین، هێژا بەهائولاّ خۆری ئیمڕۆیە کە تێیدا دەژین.



خۆرەکانی پێشین، هۆشیاری ئەمڕۆیانداوە بە کەسانو بە خەڵك، جیهانیان گەشانۆتەوە، هەرچەندە ئەو خۆرانەش هەڵنەهاتوون، ئەگینا جیهانو گێتی، تەرمێکدەبوو، درەختەکانی زڕو بێبەر، بەڵام خۆری ئیمڕۆ دەستەبەری بەرهەمهێنانە، دوای ئەوەی کە خۆرەکانی پێشین ئەمخۆرەیان هێناوەتە بوون.

## لە دڵسۆزیدا بۆ خوداوەند:

هەروەکو چۆن گەلاّی گوڵو شکۆفەو خونچەکان، کاتی کردنەوەیان پێداویستی گەرمای تیشکی خۆرن، هەروەها بەهائیش پێویستی بە پابەندی هەمیشەیی ژێری ڕاستەوخۆ هەیە لەتەك کەسێتی بەهائولاّ بە مەبەستی دەستکەوتی ژیانی تەواوی بەهائی.

بەهائی، خودی کەسی بەهائولاّ ناپەرستێ، بەڵکو جوانی خوداوەند دەپەرستێ کە تێیدا بەرجەستەیە، هەر بەو واتایەش ڕێزو هێژایەتی لە هێژا مەسیحو هێژا محەمەد وەردەگرێت.

هەروەها بۆ پێغەمبەرانو نێردراوانی خوداوەند بۆ سەر ئادەمزاد، لە کاتێکدا کە بەهائولاّ هەڵگری پەیامی خوداوەندە لەمچەرخە نوێیەدا کە تێیدا دەژین.

ئامۆژگارو فێرکارو مامۆستای مەزنی هاوچەرخە، تەواوکەری پەیامبەرانی پێشینە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەنها پەیڕەویو پەیکاری هزری مرۆ ناکات بە بەهائی، هەروەها لە راستگری دەرەکیدا. بەڵکو بەهائولاّ دڵسۆزی تەواوی گەرەکە، لە کانی دڵیانەوە، ئەگەرچی ئەمڕەوایە تایبەتمەندبێت بە خودی خوداوەند.

بەلاّم بەهائولاّ دەدویّ وەکو رووالّەتێکی خوداوەند گوزارە لە ویستیدەکات.

پەیامبەرانی پێشوو ئاشکراگۆبوون، لەمبارەوە مەسیح دەفەرمویّ:

﴿ کیّ پەیڕەویمبکات و نکوولی لە خۆیبکا, خاجی خۆی هەڵبگرێو دوامبکەویّ، هەرکەسیّ خۆی قورتاربکا، دەیدۆڕێنی، ئەوەی کە ژیانی خۆی لە پێناوی مندا دەبەخشیّ، ئەو کەسە دەیدۆزێتەوە ﴾.

بە واتایەکیتر، هەموو رووالّەتە خوداوەندییەکان هەر ئەم مەبەستەیان خواستووە لە پەیکارانو پەڕەوکارانیان، مێژوو بۆی سەلماندووین، کە ئەم مەبەستە هەیەو وەلاّمی دراوەتەوە و سەلمێنراوە.

کەواتە، ئایین گەشەدەکا، وێڕای هەموو بەرگرییەکی زەمینی ئەشکەنجەو راوەدوونانو خۆبەختکردن و گیانبەخشین لە پێناویدا، بە پێچەوانەوەو ئاوەژووی ئەوە ستو خەمساردی لەجیاتی بایەخو پڕپەرۆشی بۆ راژەگوزاری.



ئایین ئەوساکە کزو نەماو دەبیّ، شێوە کلاسیکی وەردەگرێتو توانای رزگارکردنی مەردومو گۆڕانکاری سەرسامی نامێنێت... ئایینی رەوا لە هیچ کاتێکدا کلاسیکی نییە.

گریمان بەمجۆرەبیّ، رێگەی گەیشتن بە ژیان تەسکو کرژ دەبیّ.. هەروەکو مەسح فەرموویەتی:

﴿ کەمەکیّ نەبیّ پەیبەوەنابات دەروازەی گەیشتن بە ژیانی رەوانی رێگرەی بۆ چوونە ناوەوەی یەکدوای یەکتر نەبیّ، هەروەکو دەروازی گەیاندن بۆ زانینی ماتەری ﴾.

گرمان زۆرینەیەك سەرکەوتن لەمڕێڕەوەدا پتر لە پێشوو ئەوە دەگەیەنیّ کە ئادەمزاد بەلای ئارەزووی ملکەچیو سەرشۆڕی روودەنیّ.. کە خوداوەند فەرمانی پێداوە.

ژیریو ئەزموونی نەپساوە بۆ ئەو لایەنەی بردوونو، دەرئەنجامی بەدی بینینی لەجیاتی رێگەی خوداوەندی. ئەمەش ئەوە ناگەیەنیّ دەروازەو دەرگە فراوانە بۆ هەمووان بۆ چوونە ناوەوەی.

## پشکنینی راستی:

بەهائولاّ فەرمانیداوە بە باوەڕانی کە دەروونو ناخدروستبن لە پەیڤە ریئونییەکانیدا دەڵیّ:

﴿ سەری باسەکەمان بۆت ناخدروستیو ناوکۆڕەواییە، قورتاربوونی ئادەمزاد لە راڕاییو دڵەڕاوکێو فانسیو وەهمو لاساییو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرناسی و رووالّەت دروستکراو بە تێڕوانینی یەکتاییو یەکلایی لە هەموو کارێکدا بە چاوتیژی﴿.

گەرەکە ئادەمزاد سەرنجو پشکنینی جوانی خوداوەند لە پەیکەری بەهائولاّی مەردومیدا وەگڕبخات، ئەگینا باوەڕە بەهائییەکەی هەر بەناو دەبێ بەبێ واتا.

هەموو هاوارو بانگی هەموو پەیامبەران بۆ مەردووم ئەوەیە کە چاو بکەنەوە نەینوقێنن پەیڕەوی ژێریو ژیرگربن.. خامۆشی نەکەن، ئەگینا ناتوانن هەوری وەهمو فانسی بڕەوێننەوەو دڕی پێبدەن، تەوقو کۆتی کلاسیکی بشکێنن، بگەنە راستیو رەوایی ئایینیو فەرمانی نوێ.

ئەمەش بە ڕەچاوگیری دروست، ئازادی بیرو هزر دەبێ نەك بە باوەڕی کلاسیکی سەرشۆڕی.

ئەو کەسەی کە ئارەزووی بوونی بە بەهائی هەبێ، پابەندە بەوەی کە بەدوای ڕەوادا بگەڕێ بێترسو سلّکردنەوە... باسەکانی لەسەر ئاستی ماتەری دانەنێ، بەلّکو رەوانی هوشیاربێ، هەروەکو هوشیاری ماتەری، هەموو توانستێ بەکاربهێنێ کە خوداوەند پێیبەخشیوە کە بگاتە راستی بڕوا بەهیچ نەهێنێ بێبەلّگەی ژێری دروست.

ئەگەر دلّی خاوێنبێ، ژیرو هزری والاّبێ لە دەمارگیری، گەڕانی بەدوای راستیدا هەر ڕێنماییکەرە، جوانیو رەندی خوداوەندی



دەبینێ لە هەر پەیکەرێکدا کە تێیدا بەرجەستەیە، بەهائولاّ بڕیاریداوە..

یەکەم شێوەو روخساری هەلّهاتووی ئاسۆی ئاسمان یاخود لە نووسراوەدا لە تێگەیشتنی خودی مرۆڤ لە هۆکاری بەرزیو نزمیو خەوشو ملکەچیو پێداویستییەکەیدا چییە.

هەروەها لە پەیڤە ریئۆنییەکانی، بنجی هەموو زانستێك ناسینی خوداوەندی برزگەوارە، ئەمەش پێکنایەت بەبێ زانینی خودی رووالّەت.

رووالّەتەکە خۆی مرۆڤی تەواو و نموونەو وێنەی بالاّی رەوشو رەوشتە، کە یەکەم بەرهەمی درەختی مرۆڤایەتییە.. ئەگەر نەیناسینو نەزانین توانا پەنهانەکانی خۆمان ناناسین.

هێژا مەسیح داوای لێکردووین کە بیر لە گولّی زەنبەق بکەینەوە چۆن گەشەدەکات.

دەلّێ: پەیامبەر سلێمان لە هەموو خاوەنداریتیو مەزنێتی خۆیدا یەکێکی نەکردە پۆشاکی.

زەنبەق گەشە دەکا لە گچکە چرۆیەکەوە، تا دیمەنێکی رەندوجوان.. ئەگەر سەیری زەنبەق نەکەین لە دەمکردنەوەدا، کەموێنەیە، تەڕیو پاراوی گەلاّو گولّەکانی.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەبێ چۆن راستی ناوکۆییو ناوەرۆکی شکۆفەکانی تێگەین بە وردی شرۆڤەو راڤەی بکەین، بە رەچاوگیری بیپشکنین، ئەگینا پەی بە جوانی ناوکۆو ناوەرۆکی نابەین.

ئەو رەندیو قەشەنگییەی تەنها باخەوانەکە چۆنیەتی دەرکەوتنو رواندنی دەزانێ.

هەروەها ئێمەش ئەگەر بەهای خوداوەندی نەبینین کە بەرجەستەیە لە رووالەتدا، بیرو هزرمان بۆیناچێت لە جوانیو رەندیو قەشەنگی رەوانی پەنهان لە سروشتی خۆمانو خۆشەویستەکانماندا.

پەی بە پەیڤەکانی واتایی کە لە دەروونماندا جێگیرە بەرەبەرەو کەمکەم دەمانناسی بە رووالەتی خوداوەندو ئەڤینی و پەیڕەوی ئامۆژگارییەکانی کە بەوە واتای ژیانو بوونوو مەبەستمانی تێدا دەردەکەوێ.



## لە خۆشەویستی خوداوەندا :

پەیوەستی بە ناسینی رووالەتی خوداوەندەوە، کە یەکێکیانت دەستناکەوێت بەبێ ئەویتر.

لە رەوشی بەهائیدا مەبەست لە بوونی بوونەوەرو مەردووم ئەوەیە کە خوداوەند بناسێت و بیپەرستێ.

لە تابلۆیەکیدا دەڵێ:

﴿ خۆشەویستی هۆکاری دروستبوونی بوونەوەرە هەروەکو لە گفتاردا هاتووە ﴾.

گەوهەرێکی شاردراوەو پەنهانبووم، ویستم کە بزانم بوونەوەرم دروستکرد بۆ ئەوەی بزانم.

لە پەیڤە ناوکۆییەکاندا دەڵێ:

﴿ ئەیکوڕی بوون، خۆشتبوێم تاوەکو خۆشمبوێیت، ئەگەر خۆشتنەوێم، هەرگیز خۆشمناوێیت.. ئەوە بزانە، بوونەوەرو بەندەکەم، ئەیکوڕی دیمەنی مەزن، گیانو رەوانم پێبەخشیت بۆ ئەوەی خۆشەویستم بیت، لێم دامەبڕە، خۆشەویستێکیتر بخوازیت ﴾

ئەو مەبەستە سەرەکییەی کە بەهائی گەرەکییەتی ئەوەیە خۆشەویستی خوداوەند بیت، یەزدان بیکات بە تەنها خۆشەویستو هاوڕێی نزیکو تایبەتی خۆی. بە ئامادەگییەکەی هەموو خۆشنوودییەك پێکدێ.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆشەویستی یەزدان خۆشەویستی مرۆڤو گشت شتێکە، چونکە هەر هەمووان لە خوداوەندن و بەهائی راستگۆ خۆشەویستی تەواوە، بە دڵو بە جۆش هەموو مرۆڤێکی خۆشدەوێ، رکی لە کەسنییەو کەس رسواناکات... چونکە وا فێردەبێ، روخسارە خۆشەویستەکەی لە هەموو روویەکەوە دەبینێ، پاشەواری لە هەموو جێگەیەکدا دەدۆزێتەوە، سنوورو جیاوازی نییە بۆ خۆشەویستییەکەی ئەگەرچی کۆمەڵەییو پارتایەتیو میللیەتو چەشنو توخمو رەگەزیش بێت.

بەهائولا دەڵێ:

﴿ پێشینیان وتوویانە خۆشەویستی نیشتمان لە باوەڕەوەیە ﴾.

بەلاّم زمانی مەزنی ئیمڕۆ دەدویو دەڵێ:

﴿ شانازینییە هەرکەسێ نیشتمانی خۆی خۆشبوێ، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە هەموو جیهانی خۆشبوێ ﴾ (تابلۆی جیهان).

هەروەها دەڵێ:

﴿ خۆشبەختی بۆ ئەوەی کە براکەی پەسەندبکات بەسەر خۆیدا، ئەوە کەسوکاری بەهائییە ﴾. (پەیڤە فیردەوسییەکان).

ئەبدولبەها ئاگاداریکردوین کە هەموومان یەکدەرونبین لە تەنو لەشی جیاوازدا، چونکە هەرچەندە خۆشەویستیمانە بۆ یەکتر پتربێت، پتر لە خوداوەند نزیکدەبینەوە.

جارێك لە تەك قەشەیەکی کریستییانیدا بەمشێوەیە دووا:



مەبەست لە نێردراوانی خوداوەند و نووسراوەکان، بروەدانە بە یاسای خۆشەویستی، با تەقەلا بدەین کە بەرجەستەبین بە خۆشەویستییو زۆرینی بە رادەیەك کە بەسەر هەموو بەرگرییەکدا زاڵبین، بگەینە ئەو خۆشەویستییەی کە بەسەر هەموو دوژمنێکدا سەربکەوێتو زاڵبێت، ئەو خۆشەویستییەی کە هەموو کۆسپو تەگەرەیەك لابدا .

خۆشەویستی پڕ لە بەخشندەگیو خۆشپێدانو فەرو پیتو سنگفراوانیو لێبوردەییو تەقەلای سوپاسگوزارییە.

ئەو خۆشەویستییەی کە بەسەر هەموو کۆسپو تەگەرەیەکدا زاڵەو سنوورو جیاوازی نییە، کەس بەرگری پێناکرێ.

ئەو خۆشەویستییەی کە هەموون تەموومژووتۆزو غوبارێك دەسرێتەوە.

(**لە رۆژانەو ئەجێندای میرزا سوهراب**).

**٩ یونیە ١٩١٤.**

هەروەها دەڵێ:

هەموو بەهائییەك براکەی خۆی خۆشبوێ، رشدیو چنۆکیو چرووکی بەسەردانەکا، لە ماڵو دارایيو ساماندا بەشداریپانبکات لە ژینو ژیانیاندا، خۆشییانبداتێ بە هەر شێوەیەکبێ.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گەرەکە براکانیش ئامادەگی خۆبەختکردنو خۆشنوودیبن..
بەمجۆرە هەڵهاتنی تیشکو ئافتابوو هەتاوی خۆرە بەسەر ئاسۆدا.

هەموو گەلان ئەمئاوازە دەبیستن بە شادیو خۆشییەوە ئەمدەرمانە خوداوەندییە، چاری هەموو نەخۆشیو ناخۆشییەکە، رەوانو گیانی رەوا هۆکاری ژیانی هەمووانە.

**لە نووسراوەکانی ئەبدولبەها — وەرگێردراوی بەشی ١،**
tablets of Abdu Baha - ل١٤٧

## لە دابڕاندا :

پاڕانەوەو نزا بۆ لای خوداوەند گەرەکە لە گشتشتێ دابڕێیت، لە هەموو هەواو ئارەزوویەکی دەروونیو زەمینیو نازەمینی، ڕێگەی رەوا لە ساماندارێتیو داراییو بووندایە، هەروەکە لە نەداریو نەبوونیو هەژاریدا، لە تەندروستیدا هەروەکو لە نەخۆشیدا، لە کۆشکو تەلاردا، هەروەکو لە بیردا، لە باخچەدا هەروەکو لە بەندیخانەدا.

بەهائی رازی بێت بە بەشی ژیانی، لە هەرلایەکو خۆبەدەستدانەوەو رەزامەندی.

مەبەست لە دابڕان، کەمتەرخەمیو خەمساردییە بە دەورروبەر، واتە کەنارگیری تەواو لە کاروباری نەویستراوو قێزەونی نەك سووکایەتی بە بەشی رەندو جوانی دروستکراوی خوداوەند.. بەهائی راست پارساو بەستراویش نییە، والآنییە لە هەستو نەست... چونکە



شادیو خۆشی مەزن لەڕێی رەوادا دەبینێ، کۆکاریو شادی مەزن، کە بە ئەندازەی موویەك لەمرێوڕێبازە لانادات، بە هیواو خواستی چێژو پەرۆشی بۆ لای ئافەرۆزکراوان لەلایەنی خوداوەندەوە.

مرۆی بەهائی ویستی خوداوەندی تێدا بەرجەستەیە، سەرپێچی فەرمانی خوداوەند هەرگیز ناکات، سڵ لە رێی رەوا ناکاتەوە، ماندوویەتیو زویری بەخۆیەوە نابینێ.

تیشکی رەوا، رۆشنایی دەداتێ لە تاریکترین کاتو ساتیدا، لە تاریکستاندا.

ئازار دەگۆڕدرێ بە شادی، گەشمردەیی بە جۆشو خرۆشەوە، پەیوەستو پیرۆز دەبێ. ژیان بەرزدەبێتەوەو دەگاتە ئاستی بوێریو دلاوەریو ئازایەتی، مەرگ دەبێ بە مژدەدەر.

بەهائولڵا لە سوورەتو پارچەنووسی پەیکەردا دەڵێ:

﴿ ئەوەی بە تەنها ئەندازەی دەنکێ خەردەلی یەکێکیتری بوێ، نایەتە مەملەکەتەکەوە ﴾.

لە پەیڤە هەبووەکاندا دەڵێ:

﴿ ئەیئادەمزاد گەر منت دەوێ، واز لە خۆت بهێنە، ئەگەر رەزامەندی منت دەوێ، چاو لە رەزاەندی خۆت بپۆشە، لە نەماندابە، من تێتدادەمێنم ﴾.

لە پەیڤە هەبووە فارسییەکانیدا دەڵێ (لە وەرگێڕدراوەکەیدا):



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

﴿ بەندەکەم، خۆت رزگارکە لە کۆتی ئەمجیهانـە، لـە بەنـدی خۆت رزگاربکە، دەرفەت بهێنـە لـە کاتـدا چـونکە ئـەو وێنـەکاتو چەرخو چاخە نابینێ ﴾.

## گوێڕایەڵی لە پەیڕەویدا:

دڵسۆزی بۆ خوداوەند گەرەکە گوێڕایەڵو پـەیڕەوکاری دەقـە فەرمانـەکانی بیـت، لـە بارودۆخێکـدا کـە هۆکـارو فاکتـەرەکانی تیناگەیت، کەشـتییەوان گەرەکـە پـەیڕەوکارو گوێڕایـەڵی فـەرمانی کاپتانەکەیبێت، بە بڕوای تاواوەوە، تەنانەت هۆکارو فاکتەرەکانیشی نەزانێ، پەیڕەوییەکەی کوێرانە نییە... چونکە کاپتان خـاوەنی چـەند ئەزموونو تێستو توانستە تاوەکو بۆتە کەشتییەوانێکی کاراو ئەزموندار لە پیشەکەیدا. توانستییەکەی بەڵگەدارە، بەبێ ئەوانە راژەکـەی لـە نەزانینو نادانابیەوەیە، هەروەها پێویستە لەسەر بەهائی، کە پـەیڕەو و گوێڕایەڵی کاپتانە رزگارکەرەکەی بێت بە بڕوای تەواوەوە..

بەڵکو نەزانە، هـەر لـە سـەرەتاوە، ئەگـەر لەسـەر رەوایـی بەڵگەکانی سوورنەبێ.

ئەگەر پەیڕەوکاری ئەمبەڵگانەبێت، زۆرنەزانە، ئەگـەر لاریـو سەرپێچی بکات.



چونکە بەرهەمی ریئونی ئەم فێرکارە کارامەیە وەدەست ناهێنن، بەبێ پەیڕەوکاریو گوێڕایەڵی بە چاوێکی ئارامیو هێوریـو رەزامەنـدی تەواوەوە.

ئەگەر کەشـتییەوانەکان بێگـوێی کاپتانەکـەیان بکـەن، چـۆن کەشتییەکانیان بە دروسـتی دەگاتـە بارەگاکانیـان و چـۆن تـەکتیکی کەشتییەوانی فێردەبن، هەرچەندە خۆی لـە خـودی خۆیـدا شـارەزاو بووندارو ریئونیکاربێت.

مەسیح، ئاماژە بۆ پـەیڕەوکارو گوێڕایـەڵانی دەکـا کـە رێـی زانیاریو زانست بگرن، دەڵێ:

﴿ گوتەکـەم لەخۆمـەوە نییـە، بەڵکـە لـەو کەسـەوەیە کـە ناردوومی، ئەگەر کەسێ ویستی ئەو بزانـێ، یاسـازانە، ئەگـەر لـە خوداوەندەوە بێت، یا لە خۆمەوە بدوێم ﴾ یوحەنا ٧-١٦-١٧.

هەروەها بەهائولا دەڵێ:

﴿ باوەڕ بەخوداوەندو رەوشو ئامۆژکارییەکانی تەواونابێ، بـە بێکارکردن بە فەرمانەکانیو ئـەوەی هـاتووە لـە نووسـراوەکاندا، بـە خامەو پێنووسی بەهاء ﴾ (دەرکەوتوو – وەرگێردراو).

پەیڕەوکاری ئەژماردنی نییـە لەمـسەردەمو هاوچـەرخەدا، لـە پەسـەندییە سـەلمێنراوەکانە، لـە پـەیڕەوکاری تەواودایـە بـۆ ویـستی کەسانێك بیمدارو مەترسی بێ. بەڵام یەکێـەتی مـەردووم نابـێ بـەبێ پەیڕەوی هەموو تاکێك بۆ ویستی خوداوەند.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەر ئەمویستە دەرنەکەوت بە ئاشکرایی، یاخود ئەو کەسانە پەیرەویکاری داوای خوداوەند نەکەن، واز بهێنن لە هەموو دژە داواکان.

بەردکاریو بەدگۆییو ئاژاوە، بەشێکی زۆر لە هێزەکانیان بۆ لەناوبردنی و کزکردنی کۆششو تەقەلای یەکتر لە براکانیان لەجیاتی ئەوەی کاربکەن بە شانبەشانیەکتر بۆ شکۆمەندی یەزدانیو بەرژەوەندی گشتی.

## لە راژەگوزاریدا :

دڵسۆزی بۆ خوداوەند، راژەگوزارییە بۆ براکانمان، ناتوانین راژەی یەزدانبکەین بەبێ ئەوە.

ئەگەر پشتمانکردە براکانمان ، پشتدەکەینە یەزدانی بزورگەوار.

مەسیح گوتەنی: بە ئەندازەی کردارتان لە کەمترین براکانم، کارکردنە لە مندا.

ئەبدولبەها دەڵێ:

﴿ تەکنیکو پیشەو پیشەسازی زۆرە لە کاری بەهائیدا لە دووتوێی پارساییدا.

ئەو پیاوەی نامیلکەیەك دروستبکا لە پەڕەی یاداشتەکان، بەپێی توانستی، هەموو تەقەلاو کۆششێکی ئاراستەیە بۆ کارسازیکارەکەی.



ئەوە خوداوەند، شکۆمەند دەکا، بە گشتی هەر هەموو هێزو کۆششێکی مرۆڤـ کە لە کانگای دڵیەوە دەبینرێ ئەوە پارساییو پەرستنە، ئەگەر ئەو کارە لە راژەی مرۆڤدابێ، با هەر کارێکی شکۆمەندیو ئابڕوودارێتی باڵابێت..

راژەی مرۆڤو ئاراستەیی بۆ پێداویستییەکانی، ئەوە پارساییو خودی پەرستنە, راژەی گشتی پارساییە.

دکتۆرو نۆشدەری کە بە نەوازشو سۆزەوە تیماری نەخۆشەکانیکا بێدەمارگیری، باوەڕی بە یەکێتی جیهانی مەردوومی هەبێ، شایستەی سوپاسگوزارییە.﴾

**گفتوگۆی پاریس** – **ل ١٦٤، دووەمچاپ**

Paris talk



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## له پێڕاگەیاندندا:

بەهائی ڕاست، ویڕای باوەڕی بە ڕەوشـی بـەهائی، کـە تێیـدا ڕابەرو پەیکە بۆی لە هەموو قۆناخی ژیانو کاروباریدا، ڕاڤەکاری ئەم ئامۆژگارییانەیە، بە خۆشنوودیو شادییەوە کە هۆکاری بەختەوەرییەتی.

لە ژیاندا هەر بەمرێگەیـە، هێـزی ڕەوانـی دەسـتدەکەوێ، بـە واتاکانییەوە.

بەڵێ هەموو کەس ناتوانێ ببـێ بـە نووسـەری بـەتوانا یـاخود گوتاربێـژی گوتـەڕەوا... بـەڵام هـەموویان دەتـوانن بـژین بـەپێی ئامۆژگارییە یەزدانییەکان.

بەهائولڵا دەڵێ:

﴿ لەسەر بـەهائی نوسـراوە کـە ڕاژەی خوداوەندیانبکـەن بـە ڕیئونی، خووڕەوشتو ڕەوتیان فێری کەسانیتربکەن بە جۆرێ ڕۆشنایی خوداوەند لە ڕەفتارو کرداریاندا بەرجەستەبێ.

کاریگـەری ڕەفتـار ڕاپەڕێنـەرترە لـە کاریگـەری گوتـەو گفتوگۆ... کاریگەری پەیڤ کە فێرکار پێیدەدوێ بەنـدە بـە خـاوێنو دابڕانی.

کەسـانێك بـە گوتـە دڵنیـادەبن، بـەڵام بـە تێـستو ئـەزموون تاقیدەکرێتـەوە، پەیوەسـتە بـە ڕەوتـو ڕەوشـو کـردارو ڕەفتـارەوە، پایەوپلەی مەردوم دەردەخەن.



گەرەکە گوتار هاوچووی ڕەفتاربێ، ئەوەی کـە زمـانو دەمـی ویستی خوداوەندە، لـە تابلۆکاندا نوسراوە.

بەهائی بۆینییە کە فشار بخاتە سـەر کەسـانێکیتر کـە پـەیڕەوی بیروڕایەکانی بکەن، لــە کاتێکـدا کـە نەویـەوێت گـوێی لێبگرێـت، تەڵاشی ئەوەشنەکات بە زۆرەملێ کەسانێك ڕابکێشێ بۆ مەملەکەتی – شانشینی خوداوەند.. بەڵکو هاندەرو گەشبین، ڕایانبکێـشێ وەکـو شـوانی کـاراو کـارکردە، کـە ڕانەمەڕەکـەی دەڵـەوەڕێنێو پـێش خۆیانیداوە بە ئاوازو گۆرانییە خۆشەکانی، نەك وەکو ئەوەی کـە بـە دار بە خۆیانیدا سەگەکەشی بە دوایدا.

بەهائولڵا، پەیڤە ناوکۆییەکانی دەڵێ:

﴿ ئەیکوڕی خـاکو ئـاخ، هزرمەنـدو بیرمەنـدان دەمناکەنـەوە تاوەکو نەزانن گوێبیستیانهەیە و گوێیان لێدەگرن، هەروەکو ئاوگێڕێ کە جامەکەی پێشکەشناکا تاوەکو داوای لێنەکەن﴾.

هەورەها لـە تابلۆ هاڵهاتووی خاوەرگەکان دەڵێ:

﴿ ئەیکەسانی بەهائی، ئێوە هەر بوونو دەشبن بـە خاورەگـەی خۆشەویـستی خوداوەنـد، پێـشهاتی پەرۆشـییەکانیان، زمانتـان پیـسمەکەن بـەهۆکاری ئافـەروزیو بـەدگۆیی دەربـارەی یـەکێك چاوپۆشییکەن، کە شایستەیەتی، ئـەوەی کـە هەتانـە دیارەییبکـەن، ئەگەر وەربگیرێ، ئەوە مەبەست دەپێکێ، بەرەنگاریکردنی پۆچـەڵو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆشە، وازی لێبهێنن هەر بۆ خۆی روو لە خوداوەندی هەژموندارو راوەستاوبکەن.

هۆکارو فاکتەری ناخۆشیو داماویو پەستیوگرژی کەمەبن، ویڕای گەندەڵیو ناکۆکی.

خۆزگە لە سایەو سێبەری درەختی یەزدانیدا پەروەردە دەبن، کارو رەفتار بە ویستی خوداوەند بکەن، هەمووتان گەڵای درەختێکو دڵۆپی دەریایەکن ﴾. (وەرگێڕدراوە).

## لە ویــژەدا :

بەهائولڵا لە تابلۆی جیهاندا دەڵێ:

﴿ ئەیگرووپوکۆمەڵەی خوداوەند، راسپێریتاندەکەم بە ویژە هەر لە یەکەم بەراییەوە کە سەرووەری رەوشتە... خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەیە کە بە تیشکی ویژە رۆشنبێتەوەو رازاوەتەوە بە شێوەی راستی... خاوەنویژە، خاوەنی پایەی مەزنە، دەخوازم کە ئەمستەمدیدەیەو ئێوە هەموو توانستو پەیوەستو داواکارو رەچاوگیربن.. ئەمە فەرمانی توندو پتەوە هاتووەو دابەزیوە لە خامەو پێنووسی ناوی مەزن ﴾ (وەرگێڕدراوە).



هەروەها دووبارە و چەند جارە دەڵێ:

﴿ میللەتانی رووزەمین، تێکەڵبەیەکتربن، بە گیانو رەوانی رەهایی... ئەی نەتەوەو کەسوکارو گەلی برادەرو دۆستی ئایین، بە گیانو رەوانو رەهایی ﴾.

ئەبدولبەها لە گوتارێکدا بۆ بەهائییەکی ئەمریکی دەڵێ:

﴿ نەکەن، نەکەن، دڵئازاری مەردووم، نەکەن ئازاردانی تاکێك، نەکەن هەڵسوکەوتی توندوتیژ دەربارەی هەر مەردومێك، نەکەن، نەکەن هۆکاری نائومێدیو بێزاری کەسێك بن، ئەوەی هۆکاری داماویو پەستیو کرژی دڵی هەرکەسێك بێت، جێگەی ناومێدی گیانو رەوانی بێت، ئەو کەسە پەنهاندەیی ئاکنجی جیهانی ژێروو لە خوارەوەی چینەکانی ژێرزەمین دەبێ، لەجیاتی ئەوەی کە لە سەر رووی زەوی بژی ﴾. (وەرگێڕدراوە).

﴿ روو لە کەس گرژمەکە، زەمانو چەرخ رووتلێگرژ دەکەن.﴾ (وەرگێڕدراوە).

ئەو فێرماندەکا، هەروەکو گوڵێك لە شکۆفەکەیدابێ، لای هەموو مرۆڤێك رەوانی هەیە لە فەرمانی یەزدانەوە... هەرچەندە دژواریو توندوتیژی هەبێ، لە قەوارەی خودی دەروونی خۆیدا، لە رووالەتدا..

بەهائی راستی بە نەوازشتەوە هەڵسوکەوتدەکا لەتەك گشت کەسدا، وەکو باخەوانێك گوڵە ناوازەیەك پەروەردەبکا لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باخچەکەیدا... شکۆفەی گوڵەکان ناکرێتەوە، دەمناکاتەوە بەبێ گەرمایی تیشکی خۆری خوداوەندی، نەك بە خێرایی هاتنە ناوەوەی مەبەستەکەی هەر ئەوەبێ کە ئەمتیشکی خۆرە زیندووکەرەوەی رەوانو گیانە لە هەموو شەوەزەنگو خانەی دڵی تاریکو تاریکستاندا.

لە ئامۆژگاریو راسپێرەی بەهائی، گەرەگە مرۆڤ لێبوردەیی هەبێ، خۆشەویستی هەبێ، دوژمنی خۆی خۆشبوێ، تەنانەت دوژمنی چەموشو لاریکاریش بە هەڤاڵێکی خۆشەویستو دۆستی خۆی بزانێ... نەك بیکا بە دوژمن و بەرەنگاریبکاو دواجار داوای لێبوردنی لێبکا.

ئەمە رووپاییو ئالۆزکارییە، خۆشەویستییەکی پاکو خاوێن نییە، دوژمنەکانتان بە دۆست دابنێن، بیکەن بە دۆستی خۆتان، ئەوانەی رکتان لێیە، خۆشتانبوێ.

بەمشێوەیە سەواو مامەڵەو هەڵسوکەوتیان لەتەکدا بکەن، خۆشەویستیو سۆزو بەزەییو نەوازشتان بە راستی بێ، نەك شێوەی لێبوردەیی.

ئەگەر لێبوردەیی، لە دڵەوە نەبێ، دەبێ بە رووپایی.

**گۆڤاری ئەستێرەی خۆراوا — بەرگی ٤ — ل ١٩١**

Star of the west

لە بەراییەوە بۆماندەردەکەوێ، کە ئەمئامۆژگارییە نارەوایە تەنانەت بۆ مەردوومی ئارەزووکارو دژەکارو رکوکینەداریش...



هێزی رەوای، سروشتی مەردوومی راستەقینەیە، کە کانگای خۆشەویستیو سۆزو بەزەییە.

ئەو هێزە پەنهانە راستییە بوونی هەیە لای هەموو دۆستانماندا، لەبەر ئەوە گەرەکە هەموو بیرو هزرو خۆشەویستیمان ئاراستەیان بکەن، تاوەکو ئەو هێزە، هوشیارو بەئاگابێ بۆ کارکردن.

سروشتی دەرەکی دەگۆڕدرێت، نوێدەبێتەوە، بەپێی سروشتی پەنهانی.

## لە چاوپۆشیو پەردەپۆشی تاوانکاراندا :

لە ئامۆژگاریو رەوشی بەهائیدا، لە چاوپۆشینو پەردەپۆشی تاوانی کەسانیتر، ئەوە مەزنترین هێزە.

مەسیح بە توندوتیژی گوتوویەتی لەمبابەتەوە... بەلام ئیستەکە، گوتارەکەی مەسیح گوزارە لە یاسای سەرچیادەکا.. ئامۆژگاری تەواوی لەخۆگرتووە.

لە مەردوومی کریستیانیی ئاسایی، چاوەڕواناکرێ لە رێبازی ژیانیدا پەیڕەوی دەقاودەقی ناوەرۆکی بکا.

بەلام بەهائولاو ئەبدولبەها، تەقەلایانداوە لە راگەیاندنو پێڕاگەیاندنی مەردوومدا کە ئامۆژگاریو راسپێرییەکان یاساییو تەوزیمین هەروەکو لە پەیڤە وشە ناوکۆییەکاندا دەیخوێنینەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەی ئادەمزاد، یەك هەناسە مەدە بە هەڵە، ئەگەر تاوانباریت و ئەو کارەش بکەیت بەبێ ئەوە، ئافەرۆزو نەفرەتلێکراوی، منیش گەواهم بەوە.

ئەیکوڕی بوون، پەیوەستی دەروونی مەبە کە بۆخۆت خۆشناوێت...

ئەمە فەرمانمە بە سەرتا، کاری پێبکە.

ئەبدولبەها دەڵێ:

﴿ گەرەکە بێدەنگبین لە هەڵەی یەکتر، نوێژیانبۆبکەین، کۆمەکیان پێبکەین کە هەڵەکانیان راستبکەنەوە، سەیری چاکەو جوانی بکەین، نەك کریتیو ناشیرنیو قێزەونی.

ئەگەر یەکێ دە پەسەندی تێدابێ، تاکە ناپەسەندییەکو تەنها بەدییەکی هەبێ، گەرەکە سەیری دە پەسەندییەکەیو چاکەکەی بکەین، تاکە ناپەسەندییەکەی وەلابخەین.

ئەگەر دە ناپەسەندی هەبێ، تاکە پەسەندییەکو چاکەیەکی هەبێ، گەرەکە سەیری تاکە پەسەندییەکەیو چاکەکەی بکەین، دە ناپەسەندیو بەدییەکەی لەبیر بکەین...

رێ بە تاکە گفتوگۆو گفتاری بەد نەدەین، دەربارەی یەکتری، ئەگەر ئەو کەسەش دوژمن بێت ﴾.

(وەرگێڕدراوە)



بۆیەکی لە خۆشەویستانی ئەمریکی نووسیویەتی.

(وەرگێڕدراوە)

پاشملەیی گوتن، سووکترین کاری مرۆڤە، گەروەترینو مەزنترین تاوانە، بە تایبەتی لە زاری خۆشەویستانی خوداوەند، ئەگەر رێگە چارەیەك هەبێ، دەرگەو دەروازەی گوتەی پاشەملێ دابخرێت بە یەکجاری و کردنەوەی زاری هەتا تاکێك لە خۆشەویستانی خوداوەند لە پێداهەڵدانی یەکتردا، لەجیاتی، ئامۆژگارییەکانی هێژا بەهائوڵا بڵاودەبێتەوە، رۆشنایی بە دڵان دەدات، خۆشیو خۆشنوودی دەدا بە رەوان.

جیهانی مەردوومی دەگاتە بەختەوەریو بەختیاری جاویدی.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## له ملكه‌چبووندا :

ئێمه فه‌رمانبه‌رین به چاوپۆشـی لـه هه‌ڵـه‌ی یـه‌كتریو سـه‌یری چاككارییه‌كانیان، دووباره فه‌رمانبه‌رین كه به‌دوای هه‌ڵـه‌ی خۆمانـدا بگه‌ڕێین، چاوپۆشی له چاكه‌كانمانبكه‌ین[٧].

به‌هائولا ده‌ڵـێ:

﴿ چۆن هه‌ڵه‌و خه‌وشیو نه‌نگی خۆتت له‌بیركردووه‌و سه‌رقاڵی هه‌ڵــه‌ی به‌نــده‌كانمی، ئــه‌وه‌ی ئــه‌و كاره‌بكــات نــه‌فره‌تلیكراوو ئافه‌رۆزكراوی لای منه.

زارو زبان تایبه‌تمه‌نده به ناوهێنانم، پیسی مه‌كه‌ن، بـه بـه‌دگۆییو پاشه‌ملـه‌یی.

ئه‌گه‌ر ده‌روونی ئـاگراوی، زاڵبـوو به‌سـه‌ر یه‌كێكـدا، بـا لـه خه‌وشی ده‌ستبه‌كاربێ، نه‌ك به پاشـه‌ملـه‌یی بوونـه‌وه‌ره‌كانم.. چـونكه هه‌ر یه‌كه له ئێوه بیناترو زاناتره به خه‌وشی خۆی پـتر لـه ده‌روونـی به‌نده‌كانم ﴾ (وه‌رگێڕدراوه).

ئه‌بدولبه‌ها ده‌ڵـێ:

﴿ ژیانتــان بــۆنێكی خۆشــه‌و بۆنــه خۆشــه‌كانی شانــشینی — مه‌مله‌كه‌تی ئاسمانی بێت ﴾

[٧] مه‌سیح ده‌فه‌رموێ: پووشێك خه‌وشی له چاوی خۆتدا نابینێ، به‌لاّم كۆله‌یه‌ك خه‌وشی له‌چاوی براكه‌تدا ده‌بینی. (و.)



مه‌سیح نه‌هاتووه كه راژه بكرێ، به‌ڵكو راژه‌گوزاره، هـه‌موو لـه ئایینی به‌هائولاّدا به‌نده‌و نوێكارن، ئه‌گه‌ر براوخوشكیش بن.

به هه‌ستكردن به چاكسازیو كارسازیو بـالاّتر لـه‌ویتر جێگـه‌ی شلۆقه، ئه‌مبیروڕایه‌ش نه‌خاته به‌رده‌ست.

ئـامێرێكی سـاز نابـێ بـۆ راژه‌گـوزاری مه‌مله‌كـه‌تی ئاسمـانی له‌خۆنارازیبوون نیشانه‌و هێمای به‌رز نییه، ئه‌وه‌ی له خۆی رازییـه، ئه‌وه رووالّه‌تی ئه‌هریمه‌نو خوداوه‌ندی شه‌ڕو شاتانو ئیبلیسه.

ئه‌وه‌ی له خۆی رازی نه‌بێ، رووالّه‌تی خوداوه‌ندی فه‌ڕو پیتـو به‌ره‌كه‌تو خێره.

ئه‌گه‌ر كه‌سێ هه‌زار په‌سه‌ندی چاكه‌ی هه‌بێ، نابـێ سـه‌یریبكا، به‌ڵكو له كه‌موكووڕیو به‌دكارییه‌كانی بگه‌ڕێ.

هه‌رچه‌نده مرۆڤـ بالاّتربێ، هه‌ر كه‌مووكووڕی هه‌یه‌و ناته‌واوه. چونكه له‌و پایه به‌رزتر نییه، ئه‌گه‌ر سه‌یر بكـرێ هه‌سـت بـه كـه‌می ده‌روونـی ده‌كـاو خوازیـاره كـه بگاتـه پایـه‌ی ئـه‌و ئه‌گـه‌ر مـرۆ خۆهه‌ڵكێشبوو، ئه‌وه نیشانه‌ی خۆپه‌سه‌ندیو خۆویستییه.

**له رۆژانه‌و ئه‌جێندای میرزا سوهراب — ١٩١٤.**

ئێمه فه‌رمانبه‌رین، ده‌بێ تاوانه‌كانمان بسه‌لمێنین و په‌شـیمانبیینه‌وه لێی. سه‌لماندن له به‌رده‌می قه‌شه‌و راهبدا، هه‌رگیز قه‌ده‌خه‌یه.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەهائوڵلا لە مژدەکانیدا دەڵێ:

ياخییوو، گەرەکە داوای بەخشینو پەشیمانییکا، کاتی دابڕانی لە تەك خوداوەندا، سەلماندنیش نابێو ناشێ بە تاوانو یاخیگەری لای بەندەکان... چونکە ئەوە نەبووەو نابێ بە هۆکاری پۆشینو بەخشینی یەزدانی... بەڵکو سەلماندن لای بوونەوەرو بەندەکان، هۆکاری چۆکدادانو سەرشۆڕییە.

خوداوەندی ڕەوا، سەرشۆڕیو ریسوایی بوونەوەری خۆی ناوێ... خوداوەند سۆزدار و بەخشندەیە، پۆشینو بەخشین، لە بەخشندەگی ئاسمان دەخوازرێت.

## لە ڕاستگۆییو بارنتەدا :

بەهائوڵلا لە تابلۆ فرەچەشنەکانیدا دەڵێ:

بارنتەییو بتمانەکاری، دەروازەی دڵنیاییە لە توانادا و ئارمو هێمای سەروەرییە لای خوداوەند.

بارنتە، شێوازی مەزنە بۆ حەسانەوەی بوونەوەرو دڵنیاییان بنەماو پایەگاو پەیوەستی هەموو کارێکە کە پابەندە پێوەی، ڕۆشناییو ڕووناکی جیهانی سەروەریو بەرزیو سامانە، ئەیکەسوکارو دۆستی بەهاء، بارنتە، چاکترین شێوازە بۆ پەیکەرەکانتان، جوانترین تاجەگوڵینەیە بۆ سەرتان وەربیگرن لە فەرماندەی شارەزا.



هەرووەها دەڵێ:

سەرەتای بڕوا کەمدویو کارزۆرییە، ئەوەی گوتەی پتربێ لە کاری، نەمانو نەبوونی چاکترە لە بوونو مانی.

( لە پەیڤەکانی ڕیئونی )

ئەبدولبەها دەڵێ:

ڕاستگۆیی بناخەی هەموو چاککاری مرۆڤایەتییە بەبێ ڕاستگۆیی سەرکەوتنو سەرفرازی لە هەموو جیهاندا نابێ، ئەگەر ئەم پەسەندییە لە هەر مرۆڤێکدا جێگیربوو، پەسەندییە خوداوەندییەکانیتری تێدا بەرجەستە دەبێو دەردەکەوێ.

**لە نووسراوەکانی ئەبدولبەها**

**وەرگێڕدراوە — بەشی ٢ — ل٤٥٩،**

**چاپی ئینگلیزی** Tablets of Abdu Baha

با هەڵبهێتو دەرکەوێت لە سیماو ڕوخسارتاندا، ڕۆشنایی ڕاستگۆییو بارنتەو بتمانەپێکردن، تاوەکو هەمووان بزانن کە گوتەکەتان لە ڕاستگیریو گاڵتەجاڕیدا، وشەو پەیڤێکی باوەڕپێکراوە، کاری پێدەکرێ.

خۆتان لەبیربکەن، کارتان گەرەکە گشتگیریو بۆ هەموو کەسبێ.

**لە نامەی ئەبدولبەها بۆ بەهائی لەندەن**

**ئۆکتۆبەر - ١٩١١**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## له خودناسینی مرۆڤدا :

بەهائولاّ خوازیارە هەموو مرۆڤێ کارەتەواوەکانی کە پێسپێردراوە بیزانێو دەربیخات بە تەواوی، ئەوە دەروونو کەسێتییە ڕاستییەکەیەتی، ئەوەی جیاوازو جودایە لە کەسێکی دیاری سنووردا، کە تەنها پەیکەرێکە بۆ ئەو کەسێتییە پەنهانە شاردراوەیە، کە رکەو بەندیخانەیەکە بۆ مرۆڤی ڕاستەقینە، بە زۆری لە پەیڤە ناوکۆییەکاندا دەڵێ: ئەیکوڕی بوون، پیشەوەرییەکەت بە دەستی هێزەوەیە.

بوونەوەریت بەسەر پەنجەی توانستەوەیە پێتبەخشراوە، بارنتەیە لات، کرۆکو گەوهەری ڕووناکیم، شتیتر پەڕکەو تووڕیدە، چونکە دروستکراوم تەواوەو فەرمانم جێبەجێکراوە، لێی بەگومان مەبە، ئەیکوڕی ڕەوان، بوونەوەریت ساماندارەو لە کرۆکو گەوهەری زانست دەرمختوویت پەیپێنابرێت، خۆم نەبێ.

لە قوڕی خۆشەویستی شێلاومی، چۆن کار بە هیتر دەکەیت، چاو بگێڕەرەوەو دەمبینی تێیدا ڕاوەستاوم، بە تواناییو توانستی ئەیبەندەم.

وێنەت وەکوشمشێری بریقەدار، شاردراوەو پەنهانە لە کیفە تاریکەکەیدا، تواناکەی شاردراوەو پەنهانە لای دوڕو گەوهەرناس.. دەریبهێنە لە هەواو هەوەسی کینی دەروونتا، تاوەکو کرۆکو گەهەرت بزانرێت، ڕۆشنابێت لای زانایان.



خۆشەویستم تۆ خۆری ئاسمانی پیرۆزی، مەیگرەو مەیشارەوە، بە خۆرگیرانی جیهان، پەرەدی بێداریو بێئاگایی لایەو تاوەکو دەربکەوێ لە پشتی هەورەوە بەبێپەردەو هەموو بوونو بوونەوەر ڕووناکبکەیتەوە بە پۆشاکی بوونو ژیان.

(کۆتاییهات وەرگێڕدراوی فارسی)

ژیانێك کە بەهائولاّ خواستوویەتی بۆ یاوەرانی، سەرووەریو ڕەسەنێتیو خانەدانییە بە ڕادەیەك کە هیچیتر لە توانادا نییە، لەو باڵاترو ڕەندترو جوانتر، کە مرۆڤ ببینێ.

زانیاری کەسێتی واتایی ڕەوان کە بارنتەیە لە دەروونماندا، ئەوە زانیاری ڕاستی باڵایە، ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، کە ئێمە پەیدابووی خوداوەندین، دەشگەڕێینەوە بۆ لای خۆی، ئەو گەڕانەوەیە بۆ لای یەزدان، مەبەستی باڵاو بەهاداری بەهائییە.

بەڵام گەیشتن بەو مەبەستە نابێ بەبێ پەیڕەوکردنو ڕێبازگری پەیامبەرانی بژاردەو هەڵبژێردراوانی، بە تایبەتی نێردراوی هاوچەرخ لەسەردەمی ژیانماندا، ئەو سەروبەندو چاخەی کە تێیدا دەژین.

واتا بەهائولاّ نێردراوی چەرخی نوێیە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com